EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

# هۆکار و لێکەوتەکانی بێکاری، لەناو هەڵگرانی بڕوانامەکانی زانکۆ لە عێراقدا



**ئامادەکردنی**
تیمی توێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات

**بە سەرپەرشتیی**
د. ئیبراهیم ئەدیب ئیبراهیم
گەورەتوێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات

**بڵاوبوونەوە**
کانونی یەکەم 2022

# هۆکار و لێکەوتەکانی بێکاری، لەناو هەڵگرانی بڕوانامەکانی زانکۆ لە عێراقدا

# ناوەڕۆک


| تەوەرەکان | لاپەڕەکە |
|---|---|
| پێشەکی | 04 |
| بێکاری لە عێراقدا | 05 |
| بەفیڕۆچوونی بودجە | 05 |
| تێکچوونی ژێرخان | 08 |
| بەرزبوونەوەی خواست لەسەر خوێندنی زانکۆیی | 10 |
| معالجات مقترحة | 11 |
| پەراوێزەکان | 12 |

## پێشەکی

قەیرانی بێکاری لە ناو توێژی خاوەن بڕوانامەکانی زانکۆ لە عێراقدا، وەرچەرخانێکی سیاسیی مێژووی عێراق بوو، کە بووە هۆی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و داواکاری بۆ دامەزراندن، بەتایبەتی لە بڕوانامە باڵاکاندا. ئەوەش بووبە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی توند بۆ دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت و خەریک بوو سیستەمی سیاسیی وڵات بە تەواوی لەناوبەرێت.

ئەو قەیرانە پاڵی بە حکوومەتی نوێوە نا تاکوو چاو بە بەرنامەی ئابووریی وڵاتدا بخشێنێتەوە، کە ڕەگوڕیشەی بۆ نزیکەی نیو سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە؛ کاتێک دەوڵەتی نوێی عێراق لە سەردەمی کۆماریدا بەرنامەی سۆسیالیسیتی لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا جێبەجێکرد و کەرتی تایبەتی لە چالاکییەکانی بازاڕ دوورخستەوە و میکانیزمی سەربەخۆیی بازاڕی بۆ بڕیاری ناوەندیی دەوڵەت گۆڕی.

لەگەڵ کەوتنی دوا سیستەمی سۆسیالیستی پاش قۆناغی گەمارۆی ئابووری کە 13 ساڵی خایاند، عێراق کەوتە ناو پوکانەوەی ئابووری و گەندەڵییەکی خراپی دارایی کە لە عێراقدا دۆخی وا کەم ڕوویدابوو، ئەوە بووبە هۆی دزین و بەفیڕۆدانی بودجە بە بارتەقای 5 ساڵی بودجە. ناکۆکییە ناوخۆییەکان و شەڕە تائیفییەکان وایانکرد خەڵک بە بەرژەوەندی و ژیان و سەرچاوەکانی ژیانی خۆیانەوە سەرقاڵ بن، دوای شەڕی موسڵ لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، قەیرانێکی دیکەی گەورەتری ئابووری دەرکەوت کە دیارترین گرفتی بێکاریی لاوان و هەڵگرانی بڕوانامە زانکۆییەکان بوو لەپاش ئەوەی دامەزراندنیان وەستا. وە لە سایەی نیمچە ئیفلیجبوونی کەرتە بەرهەمهێنەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەهۆی سیاسەتە بازرگانییە جیاوازەکان، کە بووە هۆی داڕوخاندنی تەواوی توانا بەرهەمهێنییەکانی کەرتی تایبەت.

ئەمڕۆ وڵات دورێنەی بەرهەمی دەیان ساڵ لە سیاسەتی ئابووریی شێواو دەکات کە وڵات تێیدا لە گەردەلوولی ئابووری ناوخۆیی و دەرەکی بەجێهێشترا، کە دیارترینیان قەیرانی بێکارییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و ئەوەش وایکردووە چەندین ڕیکخراوی نێودەوڵەتی دەستتێوەردان بکەن، لە دیارترینیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارە.

کێشەی بێکاریی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی هەر تەنیا لە چارەسەرکردنی کێشەی توێژێکی کۆمەڵگە کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو پەیوەستە بە واقیعی ئابووری کە پەیوەندی بە بەرنامەی ئابووریی وڵات لە چەندین دەیەی پێشووتردا هەیە، کە وڵاتی گەیاندە ئیفلیجبوونێکی فراوان لە چالاکیی ئابووریی تایبەت و دابەزاندنی توانای پێهەستانی حکومی بە شێوەیەکی گشتی و ئەدای ئابووری بەشێوەیەکی تایبەت، تا ئاستێک کە تییدا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێکار بێت.

ئەوەی کە ڕێژەی بێکاری لە نێو ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە بەرزە، بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان، بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بێکاری لە نێو هەموو ئەو گرووپانەی دیکە کە ئاستی خوێندنیان نزمترە، ئەم پرسیارانە دەوروژێنێت:

- ئەو سیاسەتانە چی بوون کە وڵاتی گەیاندە ئەو شێوازە بێکارییەی خاوەن بڕوانامە بەرزەکان؟
- لێکەوتە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی چین؟
- ئایا چارەسەرێک و بەرنامەیەک بۆ چارەسەر بوونی هەیە؟ ئەو بەرنامەیە چییە؟

## بێکاری لە عێراقدا

ئەگەر بە وردی لە دیاردەی بێکاری لە عێراقدا وردبینەوە، دەبینین ئەو بێکارییە جۆرێکی پەیکەرییە و بەرئەنجامی شێوانی بازاڕی کارە، ئاماژەدان بەوە بەسە کە ڕێژەی بێکاری لەنێوان هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی (بەکالۆریۆس بەشێوەی بەرزتر) بە پێی ڕووپێویی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی هەژاری لە عێراق 2017-2018، بە ڕێژەی 20.2% و تێکڕای بێکاریی لە ناو هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆم 16% و لە ناو نەخوێندەوارانیشدا 14.6%ە، هەروەها لە ناو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی 10.9%یە. بۆیە ئەمە چییە کە وادەکات هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی لە وڵاتێکی گەشەکردوودا گرفتاری بێکاری بن، لەگەڵ ئەوپەڕیی پێویستی بە تواناکانیان؟ کام جۆر سیاسەت بووە هۆی ئەو شێوانە لە بازاڕی کاردا کە تێیدا نەخوێندەوار لەڕووی دەستکەوتنی کارەوە لەپێش هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی بێت؟

لەدوای ساڵی 2003 کە گەمارۆی ئابووری لە دوای 13 ساڵ لەسەر عێراق هەڵگیرا، گەشەکردنێکی خێرا لە داهاتە نەوتییەکان هاتەکایەوە، ئەمە لەلایەکەوە وایکرد حکومەت مووچەی فەرمانبەران زیاتر بکات، لەلایەکی دیکەوە وایکرد کەرتی گشتی بەگەڕ بخرێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەی فەرمانبەران لە 2004 لە 1 ملیۆن و 794 هەزارەوە کە بە ڕێژە 29.7% بوو، لە ساڵی 2011 بگاتە 3.16 ملیۆن بە ڕێژەی 40%ی کرێکاران لە ئابووریدا.

ئەو دامەزراندن و کارانەش پەیوەست نەبوون بە خزمەتی گشتییەوە کە حکومەت پێشکەشی کۆمەڵگەی بکات کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان لەلایەن تاکەوە لە هەموو کەرتەکاندا، بەڵکوو بۆ مەبەستی سیاسی بوون کە بووە هۆی بارقورسی سەر بودجە و تێچوونی بەگەڕخستن (تشغيلی) کە لە ساڵی 2019 گەیشتە بە فیڕۆچوونی 95%ی داهاتی گشتی و 97%ی داهاتی گشتی لە ساڵی 2021.



ئەو سیاسەتانە بووە هۆی کۆمەڵێک هۆکار کە زیانیان لە ئابووری دا و لە بازاڕی کاردا بە شێوەیەکی قووڵ ڕەنگیدایەوە، ئەم زیانانەش بریتی بوون لە:

### 1. بەفیڕۆچوونی بودجە:



خەرجییە گشتیەکان لە ماوەی ساڵانی 2005-2019 کە شایەتحاڵی یەک لە دوای یەکبوونی حکومەتەکانی عێراق بوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ئابووری وڵاتانی دراوسێی ناوچەکە، بەرهەمدار نەبوو بۆ ئابووریی عێراق، لە سەردەمێکدا کە عێراقی بۆ سەرتاسەری پشکی خەرجییە گشتییەکان لە 791 دۆلارەوە بە نرخێکی بەردەوام لە ساڵی 2005 بۆ 991 دۆلار بە نرخی بەردەوام لە ساڵی 2019 بەرزبووەتەوە. تێکڕای بەشداریکردنی هەر تاکێک لە بەهای زیادکراو لە کەرتی بەرهەمهێناندا لە 65 دۆلار زیاتر نەبووە بە نرخە بەردەوامەکان لە ساڵی 2005، بە ڕێژەی کەمتر بە نرخێکی بەردەوام لە ساڵی 2019. واتە ئەو کاڵا دروستکراوانەی کە تاکی عێراقی بەرهەمی هێناوە لە 8%ی ئەو شتانەی لە ساڵی 2005 لە خەرجییە گشتییەکانەوە وەریگرتووە و لە ساڵی 2019دا لە 7% تێنەپەڕیوە و ئەگەر بەراورد بکەین ئەم ڕێژەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی ناوچەکەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کاریگەریی خەرجییە گشتیەکان بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی سەرتاسەری لە بواری پیشەسازییە گۆڕاوەکاندا لەلای تاک زۆر کەم بووە. خشتەی (1) و شێوەی (1) بەرهەمی خەرجییە گشتییەکان سەبارەت بە کەرتی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لە عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەری ڕووندەکاتەوە. هەروەک چۆن ژمێرەکردنی (احتساب) ی بەرهەمی خەرجییە گشتییەکان، لە کەرتی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لە میانی ناوەندی بەشداریی تاک لە بەهای زیادکراو لە کەرتی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لەسەر ناوەندی پشکی تاک لە خەرجییە گشتییەکاندا ڕووندەکاتەوە.


# خشتەی (1)

بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتییەکان سەبارەت بە کەرتی پیشەسازی گۆڕانکاری (تحویلی) لە عێراق و وڵاتانی دراوسێی لە ماوەی 2005-2019

| ساڵ | عیراق | ئیران | ئۆردۆن | سعۆدیە | تورکیا |
|---|---|---|---|---|---|
| 2005 | 8% | 82% | 123% | 46% | 116% |
| 2006 | 10% | 84% | 120% | 45% | 116% |
| 2007 | 9% | 92% | 124% | 48% | 115% |
| 2008 | 9% | 95% | 107% | 51% | 112% |
| 2009 | 12% | 104% | 94% | 51% | 94% |
| 2010 | 12% | 118% | 98% | 55% | 101% |
| 2011 | 9% | 130% | 95% | 51% | 120% |
| 2012 | 10% | 131% | 100% | 49% | 115% |
| 2013 | 8% | 123% | 103% | 46% | 117% |
| 2014 | 6% | 127% | 101% | 45% | 120% |
| 2015 | 7% | 116% | 101% | 48% | 122% |
| 2016 | 8% | 119% | 103% | 61% | 116% |
| 2017 | 8% | 121% | 103% | 59% | 121% |
| 2018 | 7% | 114% | 105% | 57% | 115% |
| 2019 | 6% | 124% | 103% | 58% | 107% |

تێبینی: ئەم زانیارییانە لە زانیارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی وەرگیراون: World Development Indicators WDI.

**شێوەی (1)**: بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتییەکان لە کەرتی بەرهەمهێنان بۆ ماوەی (2005-2019)



لە خشتەی (1) تێبینی دەکەین بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتییەکان لە زۆربەی ساڵان بە ڕێژەی 100% ی لە وڵاتانی ئێران و ئەردەن و تورکیا تێپەڕاندووە، کە لە نێوان 46% و 60% لە سعودییە بەرزی و نزمی کردووە، بەڵام لە عێراقدا بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتییەکان لە نێوان 6% و 12% بووە. دابەزینی ئەو ڕێژەیە و نزمیی ئەم ڕێژەیە کەمیی بەرهەمهێنانی هێزی کار پشتڕاست دەکاتەوە کە لە کەرتی گشتیدا بەگەڕدەخرێن، وە بەرهەمهێنانی تاکی عێراقی ناگاتە تێکڕای 9% لە پێوانەی خەرجییەکان کە حکومەت خەرجی دەکات، لەکاتێکدا ئەو بەرهەمهێنانە لە ئێران و ئەردەن و تورکیا 100% بەرز دەبێتەوە.

لە بواری بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتییەکان لە کەرتی کشتوکاڵیشدا دۆخەکە زۆر جیاواز نییە، سەرباری ئەوەی عێراق وڵاتێکی کشتوکاڵییە و ئاوی شیرین و زەویی بەپیتی هەیە، بەڵام بەرهەمهێنانی خەرجییەکان لە کەرتی کشتوکاڵ لە ساڵی 2005 بە ڕێژەی 44% و لە ساڵی 2019 بە ڕێژەی 20% بووە، واتا زیادبوونی ناوەندی پشکی تاک لە خەرجییە گشتییەکاندا پەیوەست بوو بە کەمی بەرهەمهێنانی سەرتاسەری لە بواری کەرتی کشتوکاڵدا، لێرەدا پرسیارێک دەکەین: ئایا خەرجی گشتی سوودی بۆ ئابووریی عێراق بە گشتی و کەرتی کشتوکاڵ بەتایبەتی هەبوو؟ یان بۆی وێرانکەر بوو؟

خشتەی (2) و شێوەی (2) پەرەسەندنی بەرهەمهێنان لە خەرجییە گشتییەکان لە کەرتی کشتوکاڵدا لە ماوەی 2005 بۆ 2019، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر پیشان دەدەن.


## خشتەی (2)

بەرهەمهێنان لە خەرجییە گشتیەکان پەیوەست بە کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق و وڵاتانی دراوسێی ناوچەکە بۆ (2005-2019)

| ساڵ | عیراق | ئیران | ئۆردۆن | سعوٚدیە | تورکیا |
|---|---|---|---|---|---|
| **2005** | 44% | 57% | 21% | 13% | 72% |
| **2006** | 53% | 58% | 20% | 12% | 67% |
| **2007** | 32% | 63% | 20% | 12% | 59% |
| **2008** | 25% | 50% | 17% | 12% | 59% |
| **2009** | 26% | 55% | 17% | 12% | 57% |
| **2010** | 27% | 60% | 19% | 13% | 60% |
| **2011** | 24% | 65% | 18% | 12% | 62% |
| **2012** | 24% | 71% | 17% | 11% | 59% |
| **2013** | 27% | 74% | 16% | 10% | 56% |
| **2014** | 26% | 75% | 17% | 9% | 55% |
| **2015** | 22% | 75% | 18% | 10% | 57% |
| **2016** | 22% | 75% | 18% | 12% | 51% |
| **2017** | 19% | 75% | 19% | 12% | 51% |
| **2018** | 18% | 76% | 20% | 11% | 49% |
| **2019** | 20% | 88% | 20% | 11% | 49% |

تێبینی: ئەم زانیارییانە لە زانیارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی وەرگیراون :World Development Indicators WDI.

**شێوەی (2):** بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتیەکان لە کەرتی کشتوکاڵدا بۆ ماوەی (2005-2019)




شێوەی (2) لەلایەن توێژەرەوە بە پاڵپشتیی خشتەی دووەم دانراوە.

لە میانی خشتەی (2) و شێوەی (2) ڕووندەبێتەوە کە عێراق لە پلەی سێیەمدایە لە بەرهەمهێنانی خەرجییە گشتییەکان لە کەرتی کشتوکاڵی دوای ئێران و تورکیا، بەڵام ئەو بەرهەمهێنانە لە درێژایی پێنج مانگی ساڵدا بەردەوام دابەزیوە کە یەکسانە بە 54% تاکوو لە ساڵی 2019 لەگەڵ ئەردەن یەکسان بووە. ئەوەش ئاماژەیەکی گرنگە لەبارەی ڕۆڵی نەرێنیی خەرجییە گشتییەکان کە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ دەیگێڕن. هاوکات ئەو کەرتە پێویستی بە زۆرترین پشتیوانیی حکومەت هەیە، بەتایبەتی کە سیاسەتی ئابووری لە پێش 2003 بە ئاراستەی پشتیوانیی کەرتی کشتوکاڵی بوو بۆ پڕکردنەوەی پێوستیی خۆراکیی هاووڵاتیان، بەڵام دەبینین لە دوای 2003 پشتیوانیی حکومی بوونی نەبووە کە بووەتە هۆی داڕووخانی ئەو کەرتە و ڕاگیرانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان. زۆربەی ئەو کرێکار و کارکەرانەشی لە کەرتی کشتوکاڵی بوونە چوونەتە ناو کاری حکومی و فەرمانبەرییەوە و کاری ناو زەوی و کێڵگەکانیان بەجێهێشتووە. لێرەدایە دەکرێت ڕۆڵی خراپی خەرجییە گشتییەکان لە پاشەکشەی گەورەی ئەو کەرتە لە عێراقدا ببینین.

## 2. تێکچوونی ژێرخان:

بەفیڕۆچوونی بودجە حکومییەکان بەهۆی تێچوونەکانی بەگەڕخستن (تشغیلی)، ئاماژەیە بۆ دامەزراندنێکی زیادەڕۆ لە کەرتی گشتی و کەمیب پڕۆژەی وەبەرهێنان بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری، کە بنەمایەکی سەرەکی و پێویستە بۆ هاندانی وەبەرهێنان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی تێکچوونی بەشداریی تاکەکەس لە پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەراورد بە دەوڵەتانی دەوروبەر کە لە خشتەی (3) و شێوەی (3) ڕوونکراوەتەوە.

# خشتەی (3)

تێکڕای پێکهێنانی سەرمایەی گشتی بۆ هەر تاکێک لە عێراق و وڵاتانی دراوسێی لە ساڵی (2005-2019)


| ساڵ | عیراق | ئێران | ئۆردۆن | سعۆدیه | تورکیا |
|---|---|---|---|---|---|
| **2005** | 535.8812 | 1445.659 | 888.7954 | 3165.603 | 2456.784 |
| **2006** | 739.7618 | 1405.78 | 813.1168 | 3696.314 | 2799.605 |
| **2007** | 281.652 | 1594.284 | 863.2762 | 4337.917 | 2918.484 |
| **2008** | 656.5847 | 1764.051 | 1063.492 | 4729.811 | 2805.413 |
| **2009** | 463.3137 | 1767.672 | 1091.781 | 4381.249 | 2200.532 |
| **2010** | 754.431 | 1805.194 | 1079.758 | 4706.009 | 2646.532 |
| **2011** | 831.1434 | 1866.562 | 977.9912 | 5278.544 | 3223.365 |
| **2012** | 798.4844 | 1493.717 | 748.6138 | 5372.203 | 3261.986 |
| **2013** | 1108.328 | 1360.612 | 707.8486 | 5504.309 | 3664.063 |
| **2014** | 1115.154 | 1448.392 | 713.9708 | 5750.884 | 3779.087 |
| **2015** | 1401.955 | 1257.237 | 703.8296 | 5812.978 | 4061.453 |
| **2016** | 868.3668 | 1194.131 | 634.8723 | 4884.989 | 4083.489 |
| **2017** | 817.3121 | 1193.96 | 686.8771 | 4821.542 | 4350.419 |
| **2018** | 206.3735 | 1032.839 | 551.1093 | 4634.452 | 4273.825 |
| **2019** | 169.1191 | 958.4358 | 378.9964 | 4741.412 | 3694.693 |





تێبینی: ئەم زانیارییانە لە زانیارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی وەرگیراون: World Development Indicators WDI.

**شێوەی (3)**: تێکڕای پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بۆ هەر تاکێک لە ماوەی (2005-2019)




شێوەی (3) لە دانانی توێژەرە، بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (3)

لە خشتەی (3) و شێوەی (3) ڕووندەبێتەوە، کە عێراق لە زۆربەی ساڵەکاندا لە دواوە بووە لە ڕووی تێکڕای پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لەسەر ئاستی تاک، کە تێکڕای گشتیی وەبەرهێنانی خۆجێی جێگیر پەیوەستە بە باشکردنی زەوییەکان (پەرژین و چاڵاو و بانکەکان...)؛ کڕینی ئامێرەکان و دروستکردنی ڕێگا و سکەی ئاسنین و قوتابخانەکان و نەخۆشکانە و شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت و بینای بازرگانی و پیشەسازی، بە نرخی جێگیری دۆلاری ئەمریکی بۆ ساڵی 2010. ئەمەش بۆمان ڕووندەکاتەوە کە دابەزین لە وەبەرهێنانی خۆجێی هەبووە کە بە واتای دابەزینی بەگەڕخستن کە لەسەر وەبەرهێنان وەستاوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی بەرهەمهێناندا.

## 3. بەرزبوونەوەی خواست لەسەر خوێندنی زانکۆیی:

یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی بێکاریی بڕوانامەی زانکۆ، جیاوازی خواستە لەسەر هێزی کار، کە بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدات، لە کاتێکدا گەنجێکی زۆر لە خوێندنی زانکۆدان. ڕەنگە کاتێک ئابووری لە دۆخێکی بوژانەوەی خۆیدا بێت، زیادبوونی خواستی زۆر بۆ بڕوانامەی زانکۆ ڕوودەدات. بەتایبەتی کە لاوان لە ژێر ڕێنمایی خزم و کەس و هاوڕێدا دەچنە زانکۆ، بەڵام زۆرێک لە دەرچووانی قۆناغی ناوەندی نیگەران و دوودڵ دەبن تا ئەوەی ڕوو لە خوێندنی زانکۆ بکەن، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی ئابووریی خۆشگوزەران بۆ بەدەستهێنانی کارێک کە داهاتوویێکی ئابووری بەرزیان هەبێت، چونکە لەگەڵ دەرچوونیان لە زانکۆ، زۆرجار ڕووبەڕووی بارودۆخی ئابووریی جیاواز دەبنەوە، چونکە ڕەنگە ئابووری لە دۆخی پاشەکشەدا بێت و خواست لەسەر کار کەم بێتەوە، لەناویشاندا بۆ خاوەن بڕوانامەی زانکۆ.

بەرزبوونەوەی ئاستی بەگەڕخستن لە کەرتی گشتی لە ساڵی 2005ەوە پێنوێنێک دەداتە دەست بۆ بازاڕی کار کە تێیدا خواست لەسەر دەستی کار لە کەرتی حکوومیدا بەرزبووە، بەتایبە لەلایەن هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ کە بووبە هۆی زیادبوونی بێهاوتای خواست لەسەر خوێندنی زانکۆیی. ئەوەش لە زیادبوونێکی گەورەی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا بەرجەستەبوو، زانکۆکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان، لە 19 زانکۆی حکومییەوە لە ساڵی 2007 بووبە 35 زانکۆی حکومی لە ساڵی 2014، کە بە ڕێژەی 84% زیادیکردووە. لەبارەی زانکۆ و کۆلێژە ئەهلییەکانیشەوە، فراوانبوونێکی بێهاوتا و زۆر دەبینین، کە لە 139 کۆلێژ لە ساڵی 2006 بووەتە 525 کۆلێژ لە ساڵی 2018، ئەوەش بە واتای زیادبوونی ڕێژەی 278%.

سیاسەتەکانی دەستپێوەگرتن (التقشف) کە حکومەت لەو ساڵانەی دواییدا گرتییە بەر، بووە هۆی نیمچە وەستانێک لە دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا، لەکاتێکدا ملیۆنان گەنجی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی لە دەستکەوتنی کاردا تووشی کێشە و وەستان بوون کە هاوتای بڕوانامە زانستییەکانیان بێت. لە هەمان کاتدا لە کەرتی تایبەتدا ئەو بێکارانە نەگیرانەخۆ و نەتوانرا هەلی کاریان بۆ دابین بکرێت، لەلایەن حکومەتیشەوە بەهۆی بەفیڕۆچوونی داهاتەکانەوە بۆ خەرجییەکانی بەگەڕخستن، هیچ پشتیوانییەکیان نەکرا. ئەوەش بووبە هۆی بەرزبوونەوەیەکی تێبینیکراوی بێکاریی لاوان، بە هەڵگرانی بڕوانامە بەرزەکانیشەوە. کە بە پێی ئاماری بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2020 گەیشتووەتە 27%.

# چارەسەرە پێشنیارکراوەکان

کاریگەرییەکانی سیاسەتی دامەزراندنی هەڕەمەکی لە کەرتی گشتیدا پێویستی بە بەرنامەیەکی چارەسەری درێژخایەک هەیە، کە لەسەر چوار بنەما دەوەستن:

1. هاوبەشییەکی تەواو لەگەڵ کەرتی تایبەت لە پلاندانانی سیاسەتە ئابوورییەکان و جێبەجێکردنیان.
2. کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان.
3. هاندانی وەبەرهێنانی تایبەتی ناوخۆیی و بیانی.
4. بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە بازاڕی کارەوە.

لەسەر ئەو بنەمایانەی باسکران، کۆمەڵێک سیاسەتی ئابووری دەکرێت پێشنیار بکرێن:

1. سیاسەتەکانی وەرچەرخان بەرەو ڕووی کەرتی تایبەت: ئەم سیاسەتە ئامانجییەتی زۆربەی ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت بە هاووڵاتییانی دەبەخشێت، بۆ کەرتی تایبەت بگوازرێنەوە، وەکوو: تەندرووستی و خوێندنی باڵ و کارەبا و ئاو. ئەوە دەبێتە هۆی گواستنەوەی فەرمانبەرانی حکومی بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، لە بەرانبەردا خەرجییە گشتییەکان کە حکومەت هەیەتی، بۆ پشتیوانیکردنی چین و توێژە دیاریکراوەکان تەرخان دەکرێن کە پێویستیانە، وەکوو دەستەبەری تەندرووستی، یان بەخشینی خوێندن، یان جۆری پشتیوانیی دیکە. بەو ڕێگەیە ئەو خەرجییانەی کە توانای بەرهەمهێنانیان نزمە، دەوڵەت لە خزمەتگوزارییەکانی وەکو تەندرووستی و خویندن سەرفیان دەکات؛ بۆ پشتیوانیکردن و هاندانی کەرتی تایبەت لە پێناو پێشکەشکردنی هەمان خزمەتگوزاری بە کوالیتییەکی باڵاتر و تێچوونی کەمتر.

2. ڕێگەدان بە ئازادبوون و کاری خۆبەخشانە و گواستنەوە لە کاری گشتییەوە بۆ کاری تایبەت: حکومەت لەسەرییەتی سەیری ئەوە بکات تا چەندە پێویستیی راستەقینەی بە فەرمانبەرانی کارکەر هەیە لە دامەزراوەکانی کەرتی گشتیدا. لەسەرییەتی کاربکات بۆ کۆتاییهێنان بە فەرمانبەری زیاد لە میانی پێشکەشکردنی هاندانە ماددییەکان بۆ فەرمانبەران لەپێناو گۆڕان بۆ کاکردن لە پرۆژە تایبەتەکان، لە نموونەی دابینکردنی پارچە زەوی، یان دەستەبەری مووچە و مافی خانەنشینی، یان پێشکەشکردنی بەخشینەکان لە کاتی کۆتاییهاتنی خزمەت، یان پارەدارکرادنی پڕۆژەکان کە ئەو فەرمانبەرانە لە کاتی گواستنەوەیان بۆ کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبەن.

3. گرنگیدان بە ژێرخان و پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ وەبەرهێنانی تایبەت: لە میانی زیادکردنی تەرخانکردنی بودجەی وەبەهێنان کە لە بواری وەبەرهێنانی بواری ژێرخانی ئابووری وەکوو ڕێگە و پرد و هێڵی ئاسنین و فڕۆکەخانە و بەندەرەکان و کەناڵەکانی ئاودێری و بیرە ئیرتوازییەکان و وێستگەکانی کارەبا و شتی دیکە کە پەیوەندییان بە ژێرخانی پێویستەوە هەیە بۆ پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی.

4. پشتبەستن بە سیاسەتی گەشەپێدانی زانکۆیی لە کەرتی تایبەت، لە جیاتی خوێندنی خۆڕایی: گۆڕینی خوێندنی خۆڕایی زانکۆیی، بەو یارمەتییەی کە پێشکەشی کۆمپانیا تایبەتەکان دەکرێت بۆ گەیشتن بە کورسییەکانی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی کرێکارن و (لانیکەم دوو ساڵی خزمەتیان هەیە) و گرێبەستی کاریان هەیە، کە پاش خوێندنەکە لەگەڵ هەمان کۆمپانیا بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بن؛ کۆمپانیا ئەو زانکۆیە هەڵدەبژێرێت کە تیایدا داوای خوێندن دەکات و حکومەت خەرجییەکانی دەدات، لەم حاڵەتەدا زانکۆکان هەوڵدەدەن پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا بکەن بۆ ئەوەی پڕۆگرامەکانیان لەگەڵ پێداویستیی کۆمپانیاکان بگونجێت، و بەم شێوەیەش ئەوان داواکاری لە کۆمپانیاکان وەردەگرن بۆ وەرگرتنی سکۆلەرشیپ.

## پەراوێزەکان


١. الجهاز المركزي للإحصاء، مسح رصد وتقويم الفقر في العراق ٢٠١٧-٢٠١٨. الرابط

٢. منظمة العمل الدولية، ٢٠٠٧، وظائف من أجل العراق، استراتيجية للعمالة والعمل اللائق. الرابط

٣. شبكة معرفة العراق، ٢٠١١، مسح واقع سوق العمل العراق. الرابط

٤. جريدة الوقائع العراقية ، قانون رقم ١ لسنة ٢٠١٩ «الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية ٢٠٢١»، العدد ٤٥٢٩.

٥. جريدة الوقائع العراقية ، قانون رقم ٢٣ لسنة ٢٠٢١ «الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية ٢٠٢١»، العدد ٤٦٢٥.

٦. قاعدة بيانات البنك الدولي World Development Indicators WDI.

٧. Hwang, Youngsik (2017), What Is the Cause of Graduates' Unemployment? Focus on Individual Concerns and Perspectives, Journal of Educational Issues, Vol. 3, No. 2.

٨. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجامعات الرسمية. الرابط

٩. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي. الرابط



EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ



www.egciraq.org
@egciraq
+964 771 878 5050
info@egciraq.org